www.kurdistannet.org
16-7-2006 13:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با کەمێک خۆمان خۆشبوێت... ئارام کەریم

جگە لە کورد کۆمەڵێك کەمینە لە کوردستان دەژین، جا بەرەچەڵەك ئەوانە کوری ئەو خاکەن یان نا ئەوە قسەی زۆری دەوێت بەلاَم حاڵی حازر لەگەڵمان دەژین و بوینە برا بەشمان، ئەگەر سەیرێکی مێژووش بکەین دەبینین هەر لە کۆنەوە ئێمە برا بووینە و هیچ کاتێك کێشە لە نێوانمان روونەداوە و بە ئاشتی ژیاوین و رێزێکی تایبەتیشمان لەیەك ناوە، ئەوە مایەی خۆشحاڵییە و هۆشیاری کورد پیشان دەدات کە زۆرینەیەو بەم جۆرەش مامەڵە لەگەڵ کەمینە دەکات، بەلاَم ئەوەی ئێستا دەبینین زێدەرۆییەکی بەرچاوی تێدایە، بۆ نموونە کە دەچیتە شارۆچکەی عەنکاوە کە شارۆچکەیەکی مەسیحی نشینە و تەنها بازگەیەك لە هەولێری جیا دەکاتەوە، هەر کە لە بازگەکە دەپەرِیەوە وا هەست دەکەیت بە چەند هەنگاوێك لە ولاَتێکی وەك ئەفغانستان چوویتە دوبەی!!

من دژی خزمەتکردن نیمە بەلاَم خۆ پێویستە ئەو شارانەش خزمەت بکرێن کە قوربانیان داوە و کیمیا باران و ئەنفال کراون و ئەو گوندانە ئاوەدان بکرێنەوە کە رژێمی لەناو چوو تێکی دابوون. جا من دەپرسم: دەبێت پێوەری خزمەتکردن لای حکومەتی ئێمە چی بێت؟؟ دەبێت قوربانیدان هیچ بەهایەکی نەبێت؟ئایا دەکرێت ئەو گەرەکەی منداڵە ئەنفالکراوێکی تێدایە شەقامەکەی قیرتاونەکرابێت و ئاوی خواردنەوەی نەبێت و سەرەرِای ئەوەش گوزەرانی خراپ بێت و ببێتە دەستگێرِ لەسەر شەقام و ترافیکەکان؟ ئەو گەرەکەی برا مەسیحیەکانیشمان تێیدا دەژین، ماشەڵای دەوێت. دیسان دەپرسم: دەکرێت جیاوازی لە نێوان ئێمە و برا مەسیحیەك نەکرێت کە تا ئێستاش نازانی بە کوردی بدوێت و هەر بە عەرەبییە شیرنەکە قسەت بۆ دەکات؟!!! خۆ هەردوولامان هاولاَتی کوردستانین.

لەو ماوەی دوایدا بە بیانوی ناسەقامگیری باری ئاسایش بە سەدان خێزانی مەسیحی ناکوردستانی لە شارەکانی ئێراق تەشریفیان بۆ کوردستان هێناوە و خەڵکی کوردستانیش وەك پیشەی خۆی پێشوازی لێکردن و دەرگای بۆ خستنە سەر پشت و بەلاَم ئەوەی جێی سەرنجە حکومەت مانگانە موچەی بۆ برِیونەتەوە، ئەو موچەیەی ئەو خێزانە ناکوردستانیانەش وەری دەگرن چەند قاتی موچەی پێشمەرگەیەکی ئەیلولە جا لێرە پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا پێشمەرگە و خەڵکی کۆڵنەدەر و ئەنفالکراو و گوند تێکدراو و کیمیاباران کراو ئەو ئەزمونەی دروست کرد کە ئێستا لە کوردستان هەیە یان ئەو مەسیحیانە کە تا ئێستا زمانیان ناگری بڵێن کوردستان و هەر دەڵێن: ( (شمال العراق) ) .

بێگومان ئەو برایانەش کە هاتوونە خانوو و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و لە هەولێریش کریی خانوو گرانە بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم هەر خێزانەو پارچە زەویەکی پی ببەخشی خۆ ئەوانەش گوناهن و چی تێدایە ئەگەر مەسیحیەکی ناکوردستانی لە هەولێر زەوی پی بدرێت و گەنجێکی دەرچووی زانکۆش بە 157 هەزار دینار دابمەزرێت کە بەشی کریی هاتووچۆکەی ناکات.

رەنگە ئەگەر بشپرسی ئەو گرنگی پێدان و جیاوازییە لە پای چی؟ بڵێن بەرژەوەندی باڵای میللەتی کورد ئاوا دەخوازێت و بەلاَم من دەپرسم ئاخۆ بەرژەوەندی باڵای ئێمە لەوەدایە بە دەستی خۆمان رێگە بۆ زیاد کردنی رێژەیان خۆشبکەین و سبەی ئەوان ببنە خاوەن ماڵ و ئێمەش لەسەر خاکی خۆمان ببینە بێگانە؟!

یان بەرژەوەندی باڵای کورد لەوەدایە برا مەسیحیەکانمان لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بە عەللاوی بدەن؟!

یان رەنگە بەرژەوەندی باڵا ی کورد لەوەدابێت عەنکاوە بە جوانترین شێوە برازێنرێتەوە و ئەوشوێنەی عومەری خاوەری تێدا شەهید بوو وەك خۆی بهێڵرێتەوە؟!

* بۆ بڵاوکردنەوە...

لەگەڵ رێزی ئارام کەریم